www.kurdistannet.org
2-4-2003 23:45

# چەند پرسیارێکی بێ وەرام!

**مەهاباد کوردی، ستۆکهۆلم ٢-٤-٢٠٠٣**

هەر لە دوای دەستپێکردنی شەڕی نێوان ئەمەریکا و ڕژێمی سەددام حوسێنی خوێڕێژ، دیسان کورد ناوی کەوتەوە نێو ناوان. وەک بلێی ئێمەی کورد لە چارەمان نووسراوە، هەر دەبێ لە کاتی جەنگ و پێکدادانەکاندا، خەلک باسمان بکەن و دنیاش کەم تا زۆر ئاوڕێکمان لێ بداتەوە. هۆیەکانی ڕاگەیاندنی ئەورووپا و کەنالە ئاسمانییە جیهانییەکان و بێگومان لە ئەمەریکا و شوێنگەلێکی دیکەش بە شێوەی جیا جیا لەمەڕ کورد و دۆزە ڕەواکەی دەنووسن و دەدوێن.

گەورەترین ڕۆژنامەی ڕۆژانەی سویدی (Dagens Nyheter) ، لە بەشی کولتووریی خۆیدا، ئەمڕۆ ٢-٤-٢٠٠٣ باسێکی لەژێر سەردێری (چ لە کوردەکان بکەین؟) بلاو کردبۆوە. نووسەری باسەکە (Timothy Garton Ash) ی بەریتانییە کە مێژوونووس و دانەریشە. شایانی باسە (Lars Linder) ی سویدی بابەتەکەی وەرگێڕاوە.

نووسەری بەریتانی لە سەرەتای باسەکەیدا لە بارەی خەباتی کوردان و ئەو جەور و ستەمەوە دەدوێ کە بە درێژایی مێژوو لێیان کراوە: کوشتن، ئەشکەنجەدان، بۆمباباران، ڕاگواستن و زۆری تریش. سەبارەت بە وەرامی پرسیارەکەی خۆی: چ لە کوردەکان بکەین؟، سێ نموونەی لێک جودا دێنێتەوە. دیارە بەم شێوە وەرامدانەوەیەی دەیەوێ هەلوێستی ئەمەریکا و ئەورووپا بە خوێنەر نیشان بدات.

وەرامی یەکەم: ئەلبانەکانی کۆسۆڤۆ. ئەمەریکا و ڕۆژئاوا بە شێوەیەکی سەربازی هێرش بۆ سەر چەوسێنەرانی ئەلبانەکانی کۆسۆڤۆ دەبەن. لە دەستپێکدا بە نهێنی و پاشانیش بە ئاشکرا یەکە تایبەتییەکانی ئەمەریکا هاوکاری لەگەل لەشکری ئازادیخوازی (UCK) دەکەن. لە ئەنجامیشدا سەربەخۆیی ئەلبانەکانی کۆسۆڤۆ دەبێتە شتێکی واقیعی لە نموونەی ناوچەیەکی پارێزراوی نێودەولەتی. هەر بزانە ڕۆژێک هات کۆسۆڤا (ئەلبانەکان وا دەلێن) بوو بە دەولەتێکی گچکە یانیش دەگەل ئەلبانیا بوون بە ئەلبانیایەکی گەورە.

وەرامی دووەم: کوردی باکووری کوردستان (نووسەر دەلێ کوردەکانی تورکیا) . ئەمەریکایی و ڕۆژئاواییەکان لە دەستیاندا دۆلار و ئەورۆ هەن، لە تورکیای ئەندامی ناتۆ دەپارێنەوە، بۆ ئەوەی هەرنا لەبەر خاتری گەورەیی خوا و ناوی چەوری (بانکی جیهانی) یش، تۆزێ چاکتر مامەلە لەگەل کەمایەتییە کوردییە مەزنەکەی خۆی بکات. سەرەڕای هەموو شتێکیش تورکیا خۆی بە بەشێک لە ئەورووپا دەزانێت، ئەدی وا نییە؟

وەرامی سێیەم: کوردی باشووری کوردستان (یان وەک نووسەر دەلێ کوردەکانی عێراق) . بە بۆچوونی نووسەری بەریتانی ڕۆژئاواییەکان بە شێوەیەکی سەربازی هەلدەکوتنە سەر چەوسێنەرانی کورد لەم بەشەی کوردستاندا. هێزە تایبەتییە ئەمەریکاییەکان پێشتر لەبنەوە و ئێستاش بە ئاشکرا هاوکاری دەگەل سوپا ئازادیخوازە کوردییەکان دەکات. ئەم هێزە کوردییانەش بەهۆی پاراستنی ناوچەکانی دژەفڕین ئاهێکیان وەبەر هاتۆتەوە و کەوتوونەتەوە سەر پێ. لەم ناوەشدا تورکیا هەڕەشەی دەستێوەردان و ناردنی سوپا بۆ ناو کوردستان دەکات. تورکەکان بە فەرمی باس لە وەستاندنی شەپۆلی پەنابەران دەکەن، بەلام ئامانجی هەوەل و ئاخریان سنووردانانە بۆ کوردگەلی باکوور، نەبادا چاوێک لە خوشک و براکانی خۆیان لەوبەری تخووبەوە بکەن.

لە کۆتایی وەرامەکاندا نووسەری بەریتانی دەلێت: هەر سێ بەرسڤەکان ڕاستن. ئینجا هەر بە خۆی چەندین پرسیاری تریش سەبارەت بە کوردەکان دەوروژێنێت: کەواتە مرۆڤ دەکارێ چ بۆ کوردەکان بکات؟ "مافەکانی کەمەنەتەوایەتییەکان" یان "سەربەخۆیی، بەلام لە چوارچێوەی سەرداریتیی خاکی عێراقدا"، "ستاتووی فیدرالی" و

هی دیکەش. لە درێژەی باسەکەیدا نووسەر دەبێژێ: بەڵام من ڕاستییەک دەدرکێنم: ئێمە وەرامەکە نازانین. بە ڕای ئەو مەسەلەی کورد لە بنچینەدا بووەتە گرفتێک کە ئیمپریالیزمی ئەنگلۆساکسۆنی چارەیەکی پڕ بە پێستی بۆ نییە. دیسان دەپرسێت: کوردەکان و ئەلبانەکانی کۆسۆڤۆ لە زۆر شتدا پێک دەچن، کارێ کە بۆ ئەلبانەکان کراوە، بۆ نابێ بۆ کوردەکانیش بکرێ؟ لە هەمان کاتیشدا ناڕەحەتی تورکەکان بە شتێکی (بێ بناغە) نازانێت و کوردەکانیش بە مەزنترین نەتەوەی بێ دەوڵەتی دنیا لە قەڵەم دەدات. سەبارەت بە داهاتووی باشووری کوردستانیش گەلێ پرسیار دەدرکێنێت: سنووری کوردستانی فیدرال چۆن چۆنی دەبێت؟ داخوا کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووکیش دەگرێتەوە یان نا؟ چۆن دەکرێ مافە تاکەکسییەکانی کوردان لە شوێنەکانی دیکەی عێراق دابین بکرێ؟ ئەی مافی عەرەبە عێراقییەکانی ناو کوردستان؟ چ دەقەومێ ئەگەر زۆرینەی دانیشتوانی عێراق داوای زۆرینەی کوردەکانیان ڕەت کردەوە؟

نووسەری بەریتانی لە کۆتایی باسەکەیدا بەم ئەنجامە دەگات: دەبێ لەوە تێبگەین لە پاش تەواوبوونی جەنگ، ئێمە بۆ ساڵی ١٩١٨ دەگەڕێینەوە، زەق زەق چاومان لە چاوی هەمان ئەو پرسیارانە بڕیوە کە باپیرەگەورەکانمان هەر لەم شوێنانە، لە باڵکانەوە تا ڕۆژهەڵاتی ناڤین، زۆرانبازییان دەگەڵدا دەکردن. ئێمە هەتا هەنووکەش وەرامەکانی ئەم پرسیارانە شک نابەین.

**تێبینی: وتارەکە کورت کراوەتەوە و پوختەیەکی بۆچوونەکانی نووسەری بەریتانیی ناوهاتوو خراوەتە بەر دیدەی خوێنەران.** mehabadk@hotmail. com

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣